# خانمان بە دابەزاندنی کێشیان بە شێوەی نازانستی تووشی کێشەی مەترسیداری تەندروستی دەبنەوە

**«خواردنی نانی بەیانیان بۆ دابەزینی کێش زۆر بەسوودە، باشترین چارەسەریش وەرزشکردنە لە کاتی بەیانیاندا»**



ئەگەرچی قەڵەوی شتێکی نەخوازراوە لای ئافرەتان و بەردەوام هەوڵی دابەزاندنی کێشی خۆیان دەدەن، بەڵام دابەزاندنی کێش بە شێوەی نازانستی تووشی زۆر کێشەی مەترسیداری تەندروستییان دەکاتەوە. هەروەها دابەزینی کێشی خۆبەخۆ و بە بێ ویست، نیشانەی نەخۆشییەوە و دەبێت بەپەلە پشکنینی پزیشکی بۆ بکرێت. لەم ڕاپۆرتەی گوڵاندا تیشك خراوەتە سەر ئەو پرسە گرینگە و جگە لە ڕاوسەرنجی بەشداربووانی ڕاپۆرتەکە، چەندین ڕێنمایی و هۆشیارکردنەوەش خراوەتەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ڕۆژنامەی «بریگیت»ی ئەڵمانی لە ڕاپۆرتێکیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە: «هەندێکجار دابەزینی خۆبەخۆی کێش، نیشانەی تووشبوونە بە نەخۆشیی کرۆن، کە هەوکردنی درێژخایەنی ڕیخۆڵەکانە. هەروەها چەند نیشانەیەکی دیکە هاوڕێی دابەزینی کێشن، وەك هەستکردن بە لەشدا هێزرانی بەردەوام و سکچوونی چەندبارە. هەندێکجاریش دابەزینی بێ بەرنامەی کێش، نیشانەی تووشبوونە بە شەکرە، بەتایبەت شەکرەی جۆری یەك. لەمبارەدا ڕەنگە سەرەتا هیچ نیشانەیەك نەبێت، جگە لە دابەزینی کێش، هەندێکجاری دیکەش نیشانەی دیکە دەردەکەون، وەکو: بێهێزی، تینوویەتی و زۆر میزکردن، یان لاوازبوونی سێکسی و چەندینی دیکە، یەکێك لە سیناریۆ تراژیدییەکانیش لەپشت دابەزینی کێشەوە، تووشبوونە بەشێرپەنجە، کە ئەگەر دەستنیشانکردنەکەی دوابکەوێ، چارەسەری زۆر ئەستەم دەبێت. بۆیە وا باشترە ئەگەر هەرکەسێك پێنج کیلۆگرام، یان زیاتر کێشی لەماوەی شەش مانگدا دابەزی، بێ ئەوەی خۆی مەبەستی بووبێت، سەردانی پزیشك بکات تاکو لە هۆکارەکەی بگەڕێت».

ئارەزوو عەلی، ئافرەتێکی تەمەن ٤٢ ساڵە وەك خۆی باسی دەکات بەهۆی خۆلاوازکردنەوە تووشی برینی گەدە بووە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «دوای منداڵبوون کێشی لەشم پێنج کیلۆ لە کێشی ئاسایی خۆم زیاد بوو، منیش لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەرمانی بازرگانی کە لە ڕێگەی فەیسبووك کڕیم بە ٨٠ هەزار دینار، هەروەها لە ڕێگەی ڕێنماییەکانی ئەوان زۆر کەم نانم دەخوارد و کێشم دابەزاند، بەڵام دوای ماوەیەك تووشی ئازاری گەدە بووم، چوومە لای دکتۆر پێی گوتم، گەدەت زۆر بە بەتاڵی ماوەتەوە، تووشی برینی گەدە بوویت، ئێستا تەندروستیم زۆر خراپە، بە هۆی دابەزاندنی نابەجێی کێشەوە گەدەم هەستیار بووە و زوو زوو دەڕشێمەوە، لەم ماوەیەدا بۆ چارەسەر دووجار سەردانی تورکیام کردووە.»

ڕەنا یوسف، یەکێکە لەو هەزاران خانمانەی کە بۆ دابەزاندنی کێشی جەستەیان ڕێگەی زۆریان تاقی کردۆتەوە، ئەو خانمە بە نیگەرانییەوە دەڵێت: «پارەیەکی زۆرم لە کڕینی دەرمان و چای گژ و گیا و چوونم بۆ سەنتەری وەرزشی خەرج کرد، ماوەی دوو مانگ خۆم لە برسان کوشت، توانیم ٨ کیلۆ لە کێشم دابەزێنم، بەڵام دوای ماوەیەك لەپڕ کێشم زۆر زیاتر لە جاران زیادی کرد، ئێستاش زۆر پەشیمانم لەوەی بێ ڕێنمایی پزیشکی ئەو ڕێگەیە سەختەم تاقیکردەوە و تێیدا سەرکەوتوو نەبووم، ئێستا گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە کەمخواردن و جوولەی زۆر باشترین دەرمانە بۆ خۆلاوازکردن، نەك دەرمانی بازرگانی.»

پەیمان کەریم ئافرەتێکی تەمەن ٣٥ ساڵە و بەمجۆرە باسی خۆلاوازکردنەکەی بۆ گوڵان دەکات: «کێشی لەشم زیاتر لە ٨٠ کیلۆ بوو، پزیشکەکان گوتیان پێویستە لانیکەم ١٥ کیلۆ لە کێشت دابەزێنێت، زۆر هەوڵمدا، سەرکەوتوو نەبووم، دواجار بە نەشتەرگەری چەوری سکم لابرا، جارێکی دی سینگم بچووك کرایەوە هەر بە نەشتەرگەری، بەڵام ئێستا هیچ ئاسوودە نیم، سووڕی مانگانەم تێکچووە، بەردەوام ناو سکم دێشێت، ئارەزووی خواردنم زیاتر بووە، پاشان لەوە گەیشتم هەندێك پزیشك لە پێناوی پارە ڕەچاوی تەندروستیی نەخۆش ناکەن، بۆیە داوا لە ئافرەتان دەکەم خۆیان لەو نەشتەرگەرییانەی بە دوور بگرن کە بۆ دابەزینی کێش دەکرێن، چونکە لایەنی باش و خراپی بەرامبەرە.»

د. کۆڤان محەمەد عەلی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و جوانکاری، لە ڕوانگەیەکی زانستیەوە باسی ئەو پرسە دەکات و دەڵێت: «باشترین ڕێگە بۆ دابەزینی کێشی مرۆڤ، نەخواردنی شیرینیی زۆر و چەوری و خواردنی لەقوتووکراو، خواردنی سوورکراوە لە ڕۆندایە، هاوکات خواردنی نانی بەیانیان زۆر باشە بۆ دابەزینی کێش و باشترین چارەسەریش وەرزشکردنە لە کاتی بەیانیاندا». لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە دەرمانی تیجاری و دەرمانی گیایی لە بازاڕەکانی کوردستان زۆر بووە و خانمانیش بەکاری دەهێنن، ئایا تا چەند ئەوە زیانی بۆ تەندروستییان هەیە، د. کۆڤان گوتی: «من هیچ ڕوونکردنەوەیەکم نییە، تەنیا ئەوە دەزانم خراپترین شتە و تووشی جۆرەها نەخۆشی دەبن، دەبێت ئەو کەسانە شارەزایی پزیشکییان هەبێت کە ئەو دەرمانانە بەکاردێنن، هەروەها بچووککردنەوەی ورگ بە ڕێگەی دەرهێنانی چەوری، یان بچووککردنەوەی مەعیدە زیانی لابەلای زۆرە، بۆ نموونە کە مەعیدە بچووك دەکرێتەوە چەندین خانە لەناو دەچن، وادەکات گەدەی مرۆڤ وەکو پێویست هەموو ئەنزیمەکان و پرۆتینەکان هەڵنەمژێت.» گوتیشی: «زۆرجار خانمان لەکاتی دووگیانی و دوای منداڵبوونیش بەهۆی شیردان کێشی لەشیان زیاد دەکات، ئەوەش شتێکی باش نییە بۆ تەندروستی ئەو خانمانە و کێش کە زیاد بوو بە زەحمەت دادەبەزێ، بەداخەوە خانمان وادەزانن دەبێ دوای منداڵبوون ئیسراحەت بکەن و لە پشوودا بن، تەنانەت خواردن زۆر دەخۆن و ناجووڵێنەوە بۆ ئەوەی شیریان زیاد بێت، ئەوەش دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی چەوری لە ژێر پێست و کێشی لەشیان زیاد دەکات.» سەبارەت بە چارەسەریش، بە پێویستی زانی «دایکان باوەڕیان وابێت کە خواردنی باش و جووڵەی زۆر وا دەکات خۆیان تەندروستییان باش بێت و شیریشیان زۆر بێت، بەتایبەت خواردنی سەوزە و میوە واتا ڕیشاڵەکان، هەروەها ئەو خۆراکانەی کە بە پرۆتین و ڤیتامینەکان دەوڵەمەندن.» گوتیشی: «وەکو پزیشکێك داوا لە خانمان دەکەم بە نیو کاتژمێر دوای خواردنی ژەمەکان وەرزش بکەن و بەپێ بڕۆن، بۆ ئەوەی ئەو چەورییەی کە خواردوویانە ببێت بە وزە لە ژێر پێست و لە جەستەیاندا کۆنەبێتەوە، هەروەها دوور بکەونەوە لە خواردنی خێرا وەك فاست فوت و کەمتر سەموون بخۆن، چونکە مادەی بەکتریای تێدەکرێت وەکو خومرە و چەوری و شیرینی بەپێی پێویست تێدا بەکار دێنن.»

ئەگەر هەرکەسێک پێنج کیلۆگرام، یان زیاتر کێشی لەماوەی شەش مانگدا دابەزی، بێ ئەوەی خۆی مەبەستی بووبێت، سەردانی پزیشک بکات تاکو لە هۆکارەکەی بگەڕێت».

بە هۆی دابەزاندنی نابەجێی کێشەوە گەدەم هەستیار بووە و زوو زوو دەڕشێمەوە، لەم ماوەیەدا بۆ چارەسەر دووجار سەردانی تورکیام کردووە

پارەیەکی زۆرم لە کڕینی دەرمان و چای گژ و گیا و چوونم بۆ سەنتەری وەرزشی خەرج کرد، ماوەی دوو مانگ خۆم لە برسان کوشت، توانیم ٨ کیلۆ لە کێشم دابەزێنم

# دەرچووانی پۆلی ١٢ی ئامادەیی لە نەگەڕانەوەی ناوەکانیان نیگەرانن

ئەمساڵ بەشێك لە دەرچووانی پۆلی ١٢ی ئامادەیی بەتایبەت دەرچووانی خولی دووەم لە وەرگرتنیان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان گرفتیان بۆ دروست بووە، دەرچووانی خوێندنی ساڵی ٢٠١٧ بۆ ٢٠١٨ بەشێکیان سەرباری نمرەی بەرز، بەڵام لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەرنەگیراون، تەنیا ژمارەی دەرچووانی خولی دووەم ٨٦٠ قوتابییە و کۆنمرەکانیان لە سەرووی ٦٠ بووە، قوتابییانیش دەخوازن هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونیان لەبەرچاو بگیرێت و رێگە نەدرێت ئەو بارودۆخە بێ ئومێدیان بکات و ناخوازن لە خوێندن سارد ببنەوە، مامۆستایەکی زانکۆش پێیوایە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە چوار ساڵی ڕابردوودا گەورەترین کێشەو گرفتی بۆ قوتابییان و حکومەت دروست کردووە، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان خوێندنەوەی زیاتریان بۆ بابەتەکە هەیە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«کۆنمرەکەم ٧٣یە و ناوم لە هیچ زانکۆ و پەیمانگایەك نەهاتۆتەوە، لە کاتێکدا قوتابی هەیە، کۆنمرەی لە شەستەکانە و ناویشی گەڕاوەتەوە. ناعەدالەتییەکی زۆر کراوە و بازرگانی بە سیستەمی خوێندن دەکرێت، ٧٠٪ بۆ دەرچووانی خولی یەکەم، لە بەرامبەریشدا ٣٠٪ بۆ دەرچووانی خولی دووەم دانراوە، ئەگەر ئێمەی قوتابی بمانزانیبایە ئەو جیاوازییە گەورەیە لە نێوان وەرگیرانی خولی یەکەم و دووەم دەکرێت، ئەوا هەرگیز خۆمان بۆ خولی دووەم نەدەهێشتەوە.» ئەوە قسەی ڕێنوار فوئادی دەرچووی پۆلی ١٢ بوو. ئەو بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڵێت: «ئامانج لە نەگەڕانەوەی ناوەکانمان بازرگانییە و هۆکارەکەشی تەنیا ئەوەیە قوتابیان ناچار بکەن لە زانکۆ و پەیمانگە ئەهلییەکان درێژە بە خوێندن بدەن، ئەوەش بە هەموو کەس ناکرێت. هیواخوازم هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونمان لەبەرچاو بگیرێت و ڕێگە نەدرێت ئەو بارودۆخە بێ ئومێدمان بکات و لە خوێندن ساردمان بکاتەوە.»

ئەوین ئیسماعیل، یەکێکە لەو سەدان قوتابییە دەرچووەی پۆلی ١٢ی ئامادەیی کە ناویان نەگەڕاتەوە، ئەویش لە بارەی خۆیەوە دەڵێت: «کۆنمرەم ٧١ بوو، ناوم لە هیچ زانکۆ و پەیمانگەیەك نەهاتۆتەوە، بەهۆی باری دارایش توانای ئەوەم نییە لە ئەهلی بخوێنم، ٥٠ بەشم پڕکردووەتەوە ناوم لە هیچیان نەگەڕاوەتەوە.» گوتیشی: «باشترین چارەسەر هەڵوەشانەوەی سیستەمەکەیە و دووبارە پڕکردنەوەی زانکۆ لاینە بۆ هەردوو خولەکە و وەرگرتنیان وەکو ساڵانی ڕابردوو بێت.»

عومەر ڕۆستەمیش دەرچووی پۆلی ١٢ ی ئامادەییە و وەك خۆی باسیدەکات کۆنمرەکەی ٨٣ بووە، کەچی ناوی لە ئەندازیاری کارەبا هاتۆتەوە. هاوکات دەڵێت: «هەیە هەمان نمرەی منی هەیە ناوی لە ئەندازیاری کیمیا هاتووەتەوە، داواکارم ئێمەی قوتابی لە بەردەوامیدان بە خوێندن نائومێد نەکەن، چونکە لەم دۆخەی ئێستادا توانای ماددیی من و زۆر قوتابیانی هاوشێوەی من لەو ئاستەدا نییە بتوانین لە زانکۆ و پەیمانگە ئەهلییەکان درێژە بە خوێندن بدەین.»

پ.ی.د.نەریمان خۆشناو مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ساڵانە نەگەڕانەوەی ناوی ژمارەیەکی زۆری قوتابییان، دووبارە دەبێتەوە، بە جۆرێ ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەکان لە هەڵکشاندایە، بەتایبەت ئەمساڵ جگە لەوەی کە ناوێکی زۆر نەگەڕاوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا هەڵەیەکی زۆر لە دابەشکردنی قوتابییان لە زانکۆ و پەیمانگەکان هەبووە، کە ئەمەش دەروونی قوتابییان و خانەوادەیان تووشی دڵەڕاوکێ و بێئومێدی کردوون، بۆیە دەتوانین بڵێین وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە چوار ساڵی ڕابردوودا گەورەترین کێشە و گرفتی بۆ قوتابییان و حکومەت دروست کردووە، دەبوایە دەمێکە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سنوورێك بۆ ئەم کارانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا دابنێ، لەوانە بێنرخکردنی زمانی کوردی بەهۆی بڕیارێکی وەزارەتەکەیان کە قوتابییان سەرپشك دەکات بە هەژمارکردنی نمرەکانی، دەستپێنەکردنی کاندیدانی ماستەر و دکتۆرا بە بیانووی توانستی ئینگلیزی، کە نمرەیەکی وا بەرزیان داناوە بۆ هەموو بەشەکان، ڕەنگە لە بەریتانیاش شتی وا نەبێ.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئامانج لە نەگەڕانەوە ژمارەیەکی زۆری ناوی قوتابییان، یان هاتنەوەی ناوی قوتابی بەهەڵە لە شوێنی نزم چییە؟ دکتۆر نەریمان گوتی: «ئامانجەکە روونە: یەکەم، ناچارکردنی قوتابییانە تاکو بچنە زانکۆ و پەیمانگەی ناحکوومی و تایبەت. دووەم، بێئومێدبوون لە داهاتووی قوتابییان و سێیەم نەهێشتنی ئینتیمای قوتابییان بۆ حکومەت و خاك و نیشتمانیانە.

ئەمانە وا دەکات کار لە قوتابییان بکات بە ناچاری بەشێکیان ئەوانەی بژێوی ژیانیان خراپە، هەوڵی چوونە دەرەوەی وڵات بدەن بە شێوەی قاچاخ و دوورکەوتنەوە لە خاکی خۆیان، یان بەداخەوە هەندێکجار ڕووی داوە قوتابی هەوڵی لەناوبردنی خۆی داوە، ئەمەش تاوانێکە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لێی بەرپرسە.»

نێچیرڤان حوسێن، سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەداخەوە ئەمساڵ لە ئەنجامی بێ پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە پرسی وەرگرتنی قوتابیانی دەرچووی پۆلی ١٢ی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان، نارەزایەتی زۆری قوتابیانی لێ دروست بووە. ئێمە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان هۆکاری کێشەکان بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێنینەوە:

* بڕیاری دابینکردنی ٧٠٪ی کورسییەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان بۆ دەرچووانی خولی یەکەم لە پۆلی ١٢ بە ٣٠٪ بۆ دەرچووانی خولی دووەم.
* بڕیاردان و ڕاگەیاندنی بڕیارەکە لە کاتێکی ناشیاو و لە ڕۆژی ٢٠١٨/٧/٣ کە دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکانی خولی یەکەمی پۆلی ١٢ بوو، ئەوەش کاریگەری نەرێنی خستە سەر دەروونی هەموو ئەو قوتابییانەی بە هەر هۆکارێك بێت لە خولی یەکەم دەرنەچووبوون.

**کۆنمرەکەم ٧٣یە و ناوم لە هیچ زانکۆ و پەیمانگایەک نەهاتۆتەوە، لە کاتێکدا قوتابی هەیە، کۆنمرەی لە شەستەکانە و ناویشی گەڕاوەتەوە**

**بێ بەرنامەیی، دیراسە نەکردن، و بێباکیی وەزیری خوێندنی باڵا و بەشێک لە بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، هۆکاری ئەم کێشە گەورەیە بوون**

**هەندێکجار ڕووی داوە قوتابی هەوڵی لەناوبردنی خۆی داوە، ئەمەش تاوانێکە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لێی بەرپرسە**

* ئاگادارنەکردنەوەی قوتابیانی پۆلی ١٢ بە فەرمی، کە ئەمەیان پێویستە لەلایەن دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنەوە بێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا کە دوای بەکۆتاهاتنی تاقیکردنەوەکان و داخرانی دەرگای قوتابخانەکان بوو، کردەیەکی مەحاڵ بوو.

* فرەیی لە سیستەمەکانی وەرگرتن بە جۆرێك کە بەشی زۆری قوتابیان شارەزا نەبوون لە پڕکردنەوەی فۆرمەکان و هەڵەی زۆر لە پڕکردنەوەی فۆرمەکان روویان داوە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئێمە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە رێی نوێنەرانمان لە ٣٢ لق و نووسینگەی سەر بە یەکێتییەکەمان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان هاوکاری قوتابییان نەبووباین لە پڕکردنەوەی فۆرمەکانیان، ئەو کات هەڵەی پڕکردنەوەی فۆرمەکان بە شێوەیەکی دراماتیکی ژمارەکەی زۆر بەرزتر دەبوویەوە. ئەگەرچی ئێمە راستەوخۆ و دوای دەرچوونی بڕیارەکە هۆشداریمان بە وەزارەتی خوێندنی باڵا دا و پێشبینی ئەم کێشەیەمان دەکرد، بەڵام بەرپرسانی وەزارەت بەڵێنیان بە ئێمە دا کە دڵنیایی بە قوتابیانی کوردستان بدەین لەوەی بە هیچ شێوەیەك بڕیاری دابەشکاری ٧٠٪ بە ٣٠٪ جێبەجێ ناکرێت. بەڵام بەداخەوە لە کاتی راگەیاندنی ئەنجامەکانی وەرگرتن بڕیارەکە جێبەجێ کرابوو، بۆیە ئێمە راستەوخۆ یاداشتێکمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کردو تیایدا هۆکاری کێشەکانمان دەستنیشان کرد و داوای پێداچوونەوەی خێرامان کرد بە کۆی سیستەمەکانی وەرگرتن، چەند رێگایەکی تری فشاریشمان بەکارهێنا، دواتر کۆمەڵێك بڕیار دەرچوون کە تا رادەیەك کەمێك لەو ستەمەی لە قوتابیان کرابوو هەڵدەگرت و تا ئێستاش ئێمە وەکو یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەردەوام و رۆژانە بەدواداچوون دەکەین سەبارەت بەو پرسە و تاوەکو دواقوتابی مافی وەردەگرێتەوە، هەموو رێگایەك دەگرینە بەر.» گوتیشی: «بێ بەرنامەیی، دیراسە نەکردن، و بێباکیی وەزیری خوێندنی باڵا و بەشێك لە بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، هۆکاری ئەم کێشە گەورەیە بوون، هاوشێوەی دەیان کێشەی گەورەی دیکە کە دەیان هەزار قوتابی لە کوردستان لە ئاستە جیاوازەکانی خوێندنی باڵا بە دەستیەوە دەناڵێنن، بۆیە پێویستە ئەو کەسانەی لە خەم و ژانی رۆڵەکانی ئەم میللەتە تێ ناگەن، دوور بخرێنەوە لە بەرپرسیاریەتی و چارەنووسی نەوەکانی داهاتوو لە مەترسی بپارێزرێت.“

گوتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (عەباس ئەکرەم)، لە وەڵامی کێشەکانی قوتابییاندا تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «دوای ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجامەکانی وەرگرتنی دەرچووانی قۆناغی ١٢ی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگە حکوومییەکانی هەرێمی کوردستان راگەیاند، زیاتر لە ٢٨٣٠٠ قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان وەرگیران، واتە لە کۆی ٥٤٠٠٠ داواکار، ژمارەیەکی بەرچاو لەو قوتابییانەی داواکارییان پێشکەش کردبوو، وەرگیراون. هاوکات ژمارەیەك لە قوتابیان لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن مانەوە، واتا ناویان لە هیچ شوێنێك نەگەڕاوەتەوە، بەهۆی ئەوەی ئەوان لەکاتی پڕکردنەوەی فۆڕمەکانی وەرگرتن بە سیستەمەکانی زانکۆلاین، پاڕالێل، ئێواران داواکارییەکانیان نەناردبوو، کە ژمارەیان ٨٦٠ قوتابی بوو، لە هەمان کاتیشدا بەشێکی دیکە لە قوتابیان کەوا داواکارییان پێشکەش کردبوو، بەڵام ئەو شوێنەی کە هەڵیانبژاردبوو، بەرزتر بوو لە نمرەکانی خۆیان، ناویان نەگەڕابووەوە، بۆیە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ رەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ درچووان و بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگە حکوومییەکان وەربگیرێن، دەرفەتی ئەوەی رەخساند کەوا پلانی وەرگرتن زیاد بکات، بە رێژەیەك کە ١٠٪ی پلانی وەرگرتن بۆ بەشە ئەندازیارییەکان زیاد بکرێت، ٢٠٪ی بۆ بەشەکانی دیکە زیاد کرد، لە هەمان کاتیشدا ئەو کورسییە بەتاڵانەی کە ماونەوە، خرایە بەردەمی دەرچووان کە زیاتر لە ١٦ هەزار کورسی بوون، هاوکات ئەوانەی ناویان نەگەڕاوەتەوە، یان ئەوانەی ناڕازین لەو شوێنەی کە ناویان لێی گەڕاوەتەوە، دەرفەتی ئەوەیان پێ درا، کە سکاڵا تۆمار بکەن، لە ئەنجامدا ٥٣٠٠ دەرچوو سکاڵایان تۆمار کرد، دەرکەوت هێشتا ١١ هەزار کورسی بە بەتاڵی ماوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەت لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بۆ رەخساندنی هەلی وەرگرتنی قوتابیان، ئەوە بوو لە ١٠/٢٥ تاوەکو ١٠/٣٠ بۆ ماوەی شەش دەرفەتی دا بۆ ئەوەی سکاڵاکان تۆمار بکرێن، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە جیاوازیی نێوان خولی یەکەم و خولی دووەم بۆ وەرگرتن لە سێ نمرە تێپەڕ نەکات، بە دڵنیاییەوە ئەنجامەکان دڵخۆشکەر دەبن و هیچ قوتابییەکیش مافی نافەوتێت، لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەنجامی گەڕانەوەی ناوی ئەو قوتابییانەش رادەگەیەندرێت، کە سکاڵایان پێشکەش کردووە.»

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە چوار ساڵی رابردوودا گەورەترین کێشە و گرفتی بۆ قوتابییان و حکومەت دروست کردووە**

**ئەمساڵ جگە لەوەی کە ناوێکی زۆر نەگەڕاوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا هەڵەیەکی زۆر لە دابەشکردنی قوتابییان لە زانکۆ و پەیمانگەکان هەبووە**

**توانای ماددیی من و زۆر قوتابیانی هاوشێوەی من لەو ئاستەدا نییە بتوانین لە زانکۆ و پەیمانگە ئەهلییەکان درێژە بە خوێندن بدەین**

# خوێندنی کوردی لە کەرکووک لەژێر هەڕەشەی لەناوچووندایە

لە دوای رووداوەکانی ١٦ ی ئۆکتۆبەر قوتابیانی کورد لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان تووشی گرفتێکی گەورە بوونەتەوە و بە تەواوی تێکەڵ بە بارودۆخی سیاسی کراون، هاوکات رەوشی خوێندنی کوردی نەک زۆر لاواز بووە، بگرە چەندین قوتابخانەی کوردی داخراون، قوتابیانیش پێیانوایە ئەوە ئامانجی سیاسی لە پشتە و تەعریبێکی نوێیە کە بە زیان گەیاندن بە ئایندەی خوێندنی کوردی لە شاری داگیرکراوی کەرکووک تەواو دەبێت.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



سەرەتا محەمەد عەبدولا قوتابی لە پەیمانگەی تەکنیکی کەرکوك بەشی رووپێوی، باسی ئەوە دەکات کە «ئەو دوخەی لە کەرکوك دەگوزەرێ بە شێوەیەکی گشتی کاریگەریی نەرێنی لەسەر لە هەموو چین و توێژەکان داناوە، هەڵبەت چینی قوتابیانیش بەگشتی لەم بارودۆخە ناهەموارەی کەرکوك بەدەر نین، بەتایبەتیش قوتابیانی کورد کە زەرەرمەندی یەکەمن لەو بارودوخە سیاسی و عەسکەرتاریەتە، لە دوای رووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر قوتابیانی کورد لە زانکۆ و پەیمانگەکانی کەرکوك دوچاری گیروگرفتیکی زۆر بوونەتەوە و تێکەڵ بە بارودۆخی سیاسی کراون و شەڕی نەفسییان لەگەڵدا دەکرێ.» نموونەشی بەوە هێنایەوە کە «قوتابیانی کورد لەنێو زانکۆ و پەیمانگەکان رێگەیان پێ نادرێت هیچ چالاکییەك، یان یادکردنەوەی بۆنەکان ئەنجام بدەن، لەکاتێکدا قوتابیانی عەرەب دەیان بۆنە و چالاکی سیاسی و ئایینی رێکدەخەن، لەوانە یادکردنەوەی شەهیدانی حەشدی شەعبی و شەهیدانی تورکمان و یادکردنەوەی بۆنەی ئایینی و تایبەت بەخویان. هەروەها جیاوازییەکی زۆر دەکەن بەراورد لەگەڵ قوتابییە تورکمان و عەرەبەکان. سەرۆك بەشەکان و مامۆستا نەتەوەپەرستەکانی تورکمان و عەرەب بە روون و ئاشکرا یارمەتی قوتابیانی تورکمان و عەرەب دەدەن و کارئاسانییەکی زۆریان بۆ دەکەن، لە رووی ناجیحکردنیان بەڵام بۆ قوتابیانی کورد هیچ یارمەتییەك بوونی نییە.» گوتیشی: «بەشێك لە مامۆستا نەتەوەپەرستەکانی عەرەب و تورکمان رێگە بە قوتابیانی کورد نادەن، تەنانەت بە زمانی کوردی وەڵامی پرسیارکانی تاقیکردنەوە بدەنەوە، لەکاتێکدا وەڵامدانەوە بە زمانی کوردی لە پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر رێگەپێدراو بوو. هەروەها قوتابیانی کورد لە کاتی هەر گیروگرفتێکدا کە رووبەڕوویان دەبێتەوە لە نێو زانکۆ و پەیمانگەکان، قەدەغەیە بە زمانی کوردی لەگەڵ بەشێك لە سەرۆك بەشەکان و سکیورتییەکان کێشەکانیان بخەنەڕوو. لە رووی ئاخاوتنەوە زۆر بە شێوەیەکی ناشیرین و دوور لە هەموو ئادابەکانی قسەکردن لەگەڵ قوتابیانی کورد قسە دەکەن، بەتایبەت ئەو قوتابییانەی ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستانن. زۆرێك لە نەتەوەپەرستەکانی عەرەب و تورکمان بە بێ بوونی هیچ هۆیەك بیانوو بە قوتابیانی کورد دەگرن و شەڕی نەفسییان لەگەڵدا دەکەن. ئەوە جگە لە کۆبوونەوەکانی نێوانیان و تەسریحی دژ بە کورد و جنێودان و سووکایەتیکردن بە کورد و دەنگ بەرزکردنەوە و چاوسوورکردنەوە، بەداخەوە قوتابیانی کورد وەك پلە دوو سەیر دەکرێن، هاوکات ئەم دیاردانە لە ئاستەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی بەهەمان شێوە بوونیان هەیە.»

زەینەب رزگار کارگێڕی لقی کەرکووکی (ی.ق.ك)، سەبارەت بە هەمان پرس باسی ئەوە دەکات کە پرۆسەی خوێندنی کوردی دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بە سەر خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەردا چەندین ئاستەنگی جۆراوجۆری بۆ دروست کراوە، کە هەمووی بە مەبەستە و ئامانجی سیاسی لە پشتەوەیە کە بێگومان بە زیانگەیاندن بە ئایندەی خوێندنی کوردی لە شاری داگیرکراوی کەرکوك تەواو دەبێت. هەر لە سەرەتایی داگیرکردنەوەی کەرکووکەوە سەدان مامۆستا لە ترسی سەروماڵیان شارەکەیان بەجێهێشت و ئاوارەی شارەکانی هەولێر و سلێمانی وشوێنەکانی دی بوون، ئەمەش بۆتە هۆکاری کەمبوونەوەی مامۆستای وانەبێژ لە بەشێکی زۆر لە قوتابخانەکانی خوێندنی کوردی لە کەرکوك و شارو شارۆچکەکان و گوندەکانی دەوروبەری. بەشێکی بەرچاوی قوتابخانەکانی کەرکوك و دەوربەری ناوەکانیان گۆڕیوە و لە شوێنی ناوی کوردی ناوی عەرەبی لێ نراوە، واتە هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی دانیشتووانی کەرکوك وا تێبگەیێنن کە خوێندن بە زمانی شیرینی کوردی هیچ ئامانجێك بۆ پاشەڕۆژی قوتابی بەدی ناهێنێ و پێویستە منداڵەکانیان بخرێنەبەر خوێندنی عەرەبی، هەرچەندە هەندێك لە دایك و باوکی قوتابیان هەستابوون بەو هەنگاوە، بەڵام دیسان پێیان گوتوون پێویستە ئەو قوتابیە بچێتەوە پۆلی یەکەمی سەرەتایی، ئەگینا وەرناگیرێن لە خوێندنی عەرەبی. هەر بە مەبەستی سستکردن و لاوازکردنی ئاستی زانستی خوێندنی کوردی لە بازگە و گومرکەکانی رێگەکانی هەولێر و سلێمانی رێگە بە هێنانی پەرتووك و مەلزەمەی خوێندنی کوردی نادەن و رێگری لێ دەکەن، وەك ئاشکرایە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی خوێندنی کوردی حکومەتە یەك لە دوایی یەکەکانی بەغدا بە هەموو جۆرێك ئاستەنگیان بۆ خوێندنی کوردی دروست دەکرد و هیچ پاڵپشتییەکی خوێندنی کوردییان نەدەکرد، بۆیە حکومەتی هەرێم ناچار بوو بەشێکی زۆر لە مامۆستایان بەشێوەی تەنسیب رەوانە بکات و بەشێکی تر لەلایەن ئیدارەی ئەو کاتەی شار لە سەر پارەی پترۆدۆلار دامەزرێندان، کە هەموو لایەك ئاگادارن ماوەی چەند ساڵێکە لەلایەن حکومەتی بەغداوە ئەو برە پارەیە بۆ کەرکوك سەرف ناکرێ، بۆیە ئەو مامۆستایانەی لەسەر پترۆدۆلار بوون، ناچار بوون واز لە پیشەکەیان بێنن.» زەینەب رزگار لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان دەڵێت: «بە پێویستی دەزانین هەرچی زووە حکومەتی هەرێم بە دەنگ کێشە و گرفتەکانی بەشی خوێندنی کوردییەوە بچێت و هەروەها پێویستە لە رێگەی پەرلەمانتارانەوە

**تاکە هیوا و ئومێدمان کە مابێت بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک تەنیا جەنابی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانە کە دەتوانن ئەم دۆخە نەخوازراوە چارەسەر بکەن**

**لە دوای رووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر قوتابیانی کورد لە زانکۆ و پەیمانگەکانی کەرکووک تێکەڵ بە بارودۆخی سیاسی کراون و شەڕی نەفسییان لەگەڵدا دەکرێ**

**قوتابیانی کورد لە سەرجەم بۆنە و یادەکان بێبەش کراون و بۆیان نییە جلوبەرگی کوردی بپۆشن و ئاڵای کوردستان هەڵبگرن**

فشــار بخرێتــە ســەر وەزارەتــی پــەروەردی عێــراق تــا بــە دەنــگ کێشــەو گیروگرفتەکانــی بەشــی خوێندنــی کوردییــەوە بچێت و رێگەنەدرێت بـەو جـۆرە سیاسـەتی تەعریب و هەنگاوی فەشەل لەدژی خوێندنی کوردی بــەکار بهێنــن.»

رزگار سـەعدوڵا قوتابی زانکۆ و بەرپرسی رێکخستنە لـە ناوچـەی زانکـۆی کەرکـوك و ئەویش یەکێکـە لـەو هـەزاران قوتابییـە کوردەی کـە بـە نیگەرانییـەوە باسـی ئەو کێشـەیە دەکـەن و هـەر لـەو بارەیـەوە دەڵێت: «ساڵێك بە سەر خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و دۆخی داگیرکاری کەرکووك تێدەپەڕێت و دۆخی شارەکە بەرەو قۆناغێکی خـراپ هەنـگاو دەنێـت، لەژێـر سـایەی ئـەو دەسـەڵاتە سەربازییەی کە بە سەر شارەکەدا سەپێندراوە، تا دێت پرۆسـەی بە عەرەبکـردن زۆر بە زەقی پەیـڕەو دەکرێت لــە رووی ئیــداری و دیمۆگرافیــاوە، لــەم پرۆسەیەشــدا زانکـۆ و پەیمانگاکانـی کەرکـوك بـە بەرنامـە کاری لەسەر کراوە و دژایەتیکردنی مامۆستا و فەرمانبەرانی کـورد رۆژ لــە دوای رۆژ لــە زیادبوونــە و ســەرجەم مافەکانـی نەتەوەیەکـی سـتەمدیدەیان پێشـڵ کـردووە و هەوڵـی لادانـی مامۆسـتا و فەرمانبەرانـی کـورد دەدەن لـە پلـە و پۆسـتەکاندا بـۆ ئـەوەی کەسـانی عـەرەب و تورکمــان لــە شــوێنەکانیان دابنێــن. هەروەهــا شــێوازی رەفتارکــردن لەگــەڵ زانکــۆ و پەیمانگــەکان لــە دوای رووداوەکانـی ١٦ی ئۆکتۆبـەر هاوشـێوەی سـەربازگەیەك لەلایـەن هێزە عێراقییەکانـەوە مامەڵـەی لەگـەڵ دەکرێت، لــە کاتێکــدا دەبێــت زانکــۆ و پەیمانگــەکان قــۆرخ بکرێــت بــۆ خوێنــدن و توانــا زانســتییەکان و حەرەمــی زانکــۆ لــە دەســتێوەردان و ململانێــکان پارێــزراو بێــت، بــەڵام لــە زانکــۆ و پەیمانگەکانــی کەرکــوك لــە دوای رووداوەکانــی ١٦ی ئۆکتۆبــەرەوە کــە مــاوەی ســاڵێك زیاتــرە ســەرجەم ســەروەری و یاســاکانی زانکــۆ لەلایــەن هێــزە عێراقییــەکان و حەشــدی شــەعبی شــکێندراون، بــە جۆرێــك کــە هیــچ ســیمایەکی زانســتی پێــوە نەمــاوەو زیاتــر لــە ســەربازگەیەك دەچێــت، چەندیــن گرووپــی شــیعی و تورکمانــی دروســتکراون و چەندیــن چالاکــی ســەربازی و تایفەگــەری ئەنجــام دەدەن لــە نــاو زانکــۆ و پەیمانگــەکان و بــە ئاشــکرا مافەکانــی قوتابیانــی کــورد پێشــڵ دەکــەن.» گوتیشــی: «جیاوازییەکــی زۆر لــە نێــوان قوتابیانــی کــورد و عــەرەب و تورکمــان دەکرێــت، بــە جۆرێــك قوتابیانــی کــورد لــە ســەرجەم بۆنــە و یادەکان بێبەش کراون و بۆیان نییە جلوبەرگی کوردی بپۆشــن و ئــاڵای کوردســتان هەڵبگــرن، تــا گەیشــتۆتە ئـەو رادەیـەی کـە دەیـان قوتابیـی کـورد لەلایـەن هێـزە سـەربازییەکانەوە دەسـتگیر بکرێـن، لەسـەر هەڵگرتنـی ئــاڵای کوردســتان و پۆشــینی جلوبەرگــی کــوردی ســووکایەتییان پــێ بکرێــت، ئەمــە لــە کاتێکــدا پێــش خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر سەرجەم قوتابیانی نەتەوەکان بەبــێ جیــاوازی بــە گیانێکــی برایەتــی و تەبایــی دەوامیــان دەکــرد و ســەرجەم بۆنــە و ئاهەنگەکانیــان لەژێــر ســێبەری پارێزەرانــی خاکــی کوردســتان بەبــێ کێشــە و گرفت و بەبێ جیاوازی بەڕێوە دەچوو. کەرکووکییەکان بەگشــتی و قوتابیانــی زانکــۆ بەتایبەتــی تاکــە هیــوا و ئومێدیــان کــە مابێــت بــۆ ئاســاییکردنەوەی ئــەم دۆخــە تەنیــا هیوامــان بــە جەنابــی ســەرۆك بارزانــی و پارتــی دیموکراتــی کوردســتانە ئــەم دۆخــەی کەرکــوك چــارە بــکات و پێشــمەرگەی کوردســتان بــە شــکۆ و کەرامــەت و هێــزەوە بگەڕێتــەوە ئــەو شــارە بــۆ بەرگریکــردن لــە تــەواوی پێکهاتەکانــی کەرکــوك بــێ جیــاوازی.»

شــیڤان عەبدولڕەحمــان بەرپرســی لقــی قوتابیانــی کەرکــوك، ســەبارەت بــە هەمــان پــرس دەڵێــت: «ئێمــە وەکــو لقــی قوتابیانــی کەرکــوك زۆر نیگەرانیــن لــەو بارودۆخــەی بەســەر قوتابیانــی کــوردی شــاری کەرکووکــدا هاتــووە، بــەڵام هیــچ دەســەڵاتێکمان نییــە، چونکــە لــە دوای داگیرکردنیــەوە لــەو شــارەدا نەماویــن، کێشــەی کەرکــوك بــۆ کــورد چەنــدە ڕەهەنــدی سیاســی هەیــە، ئەوەنــدەش ڕەهەنــدی نەتەوەیــی هەیــە، لــە کاتێکــدا لــە ئێســتادا دۆخــی قوتابیــە کوردەکان زۆر زۆر خراپــە، چونکــە هەندێــك لــە مامۆســتایان لــە نەتەوەکانــی تــر دژایەتــی قوتابییــە کوردەکان دەکــەن، ئەمســاڵ زۆرینــەی ئەوانــەی بــۆ دەوری دووەم مابوونــەوە، قوتابــی کــورد بــوون، ئــەم حاڵەتانــەش لــە دوای ١٦ی ئۆکتۆبــەرەوە دروســت بــوون، هــاوکات وەکــو یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان تاکــو ئێســتا مەترســی لــە ســەر گیانــی کادیرەکانمان هەیــە، زۆرجار کــە ســەردانی قوتابخانــەکان دەکــەن، لەلایــەن هەندێــك حــزب و رێکخــراوی نەتــەوە غەیــرە کوردەکانــەوە تەهدیــد دەکرێــن.» گوتیشــی: «لــە دوای ١٦ی ئوکتوبــەرەوە رەوشــی خوێندنــی کــوردی زور لاواز بــووە بــە شــێوەیەك کــە هاووڵاتیــان قوتابییەکانیــان بــۆ درێژەدان بــە خوێنــدن بــۆ بەشــی عەرەبــی دەگوازنــەوە، ئەویــش بەهــۆی نەبوونــی مامۆســتای پێویســت لــە ناوەندەکانــی خوێندنــی کــوردی، تەنانــەت لــە ناوچەکانــی دیکــەی کەرکــوك واتــا دەوروبــەری کەرکــوك رەوشــی خوێنــدن زۆر خراپتــرە، بــە شــێوەیەك تەعریــب دەســتی پێکردۆتــەوە و هاووڵاتیــان قوتابییەکانیــان بــۆ هەولێــر و سلێمانی دەگوازنــەوە، ئەویــش بــە هــۆکاری هەڕەشــەی داخستنی ناوەندەکانــی خوێندنــی کــوردی لــەو ناوچانــە، ئەمــەش بــە گشــتی لــە قــەزای دووبــز و قــەزای داقــوق پیــادە کــراوە، ســەرەڕای خراپــی دۆخــی ناوەندەکانــی کــوردی لــە رووی خزمەتگــوزاری و نەبوونــی پۆلــی پێویســت و نەبوونــی قوتابخانــەی پێویســت کــە لــە هەندێــك شــوێن زیاتــر لــە ٥٠ قوتابــی لــە یــەك پۆلــدان، تەنانــەت بەشــی خوێندنــی عەرەبــی هیــچ هــاوکاری و هەماهەنگــی نــاکات، تاکــو بتوانــن ناوەندەکانــی خوێنــدن دابــەش بکــەن.»

**بەشێکی بەرچاوی قوتابخانەکانی کەرکوک و دەوروبەری ناوەکانیان گۆڕیوە و لە شوێنی ناوی کوردی ناوی عەرەبی لێ نراوە**

**هەندێک لە مامۆستایان لە نەتەوەکانی تر دژایەتی قوتابییە کوردەکان دەکەن، ئەمساڵ زۆرینەی ئەوانەی بۆ دەوری دووەم مابوونەوە، قوتابی کورد بوون**

**بە مەبەستی سستکردن و لاوازکردنی ئاستی زانستی خوێندنی کوردی لە بازگە و گومرگەکانی رێگەکانی هەولێر و سلێمانی رێگە بە هێنانی پەرتووک و مەلزەمەی خوێندنی کوردی نادەن و رێگری لێ دەکەن**